# ئەم تابلۆە دێوارە وەکۆ پەیامێك بۆ کەم ئەندامەکان و خەڵکی کەڕ و لال و پەنابەرەکانی بریستۆڵ بۆ ساڵی 2021 دامەزراوە.

**(پێناسەی دەنگی بە زمانەکانی جیا جیا لەسەر ماڵپەڕی خوارەوە هەن: (http://www.disabilitymurals.org.uk/easton.php**

تابلۆی دیواری برێتیە لە سێ کەسکوسۆر (کۆڵکەزێرینە):

- لە دەستی چەپ، کۆڵکەزێرینەی ڕەنگاوڕەنگ هێمای چونیەتی هەبوونی شتەکانە
- لە بەشی ناوەند، کۆڵکەزێرینەی ڕەنگەکانی خاو نیشانەی گۆڕێنی شتەکانە بەرەو باشتر یان خەراپتر
- لە دەستی ڕاست، کۆڵکەزێرینەی ڕەنگی خۆڵەمێشێ نیشانەی هەبوونی خەراپترین ناهەقیە.

لە ژێر کەسك و سۆر (کۆڵکەزێرینە)، بەکارێنەری کۆرسی کەمئەندامبوەکان بە شێوەیێکی ئارام دانیشتوە و باسی بیروکەکان دەکات. زنجیری یەکگرتنەوەی خەڵك هاوکاری وخزمەتگوزاریەکان بەیەکتر دەدات. هەرچەندە بەرەو دەستی ڕاست، ئەم زنجیرە بێ هێزترە. قوتابیەکانی کەم ئەندام باسی ئەوەیان کرد کە چون بە وەڵام دانی حکومەت بۆ بنکەکانی کۆڤید زنجێرەکانی تێکدەشکێنەوە.

خەڵکی پەنابەر باسی ئەوە دەکەن کە چۆنیەتی کاریگەری سیاسەتی حکومەت کاریگەری لەسەر بواری کەم ئەندامبونەکانیان هەیە. لە ژێر کۆڵکەزێرینەی ڕەنگاوڕەنگ، گرۆپێکی خەڵك بە دڵخۆشی گفتوگۆ دەکەن. لەژێر کۆڵکەزێرینە ڕەنگی خاو، پیاوێك لە گرۆپەکە ماڵەکەی بەجێ دەهێڵێتەوە. لە لای دەستی ڕاستەوە، هەمان پیاو کەوتوتە ناو درەختەکان و خۆی پۆشێوە بە کراسێکی ڕەش و دەم و چاویش پۆشێوە. بەبێ خواردن و شوێنی مانەوە یان ئومێد بۆ داهاتوو، ئەو دەڵێت سیاسەتی پەنابەری وای لێکردوە کە 'مێشکم لە دەستچووە'. ئەفسەری پۆلیس و هەروەها سیاسەتمەداران لەوێ وەستاون و پشتگوێیان خستوە.

خەڵکی خاوەن نەخۆشی کە ناتوانن لە ماڵەکانیان بچنە دەرەوە، زوو زوو پێیان دەوترێت کە ناتوانن بەشداری لە ئیڤێنتەکان (ڕوداوەکان) بکەن. کەچی لە ماوەی لۆکادوانەکە دا، ئیڤێنتەکانی شانۆ و تا شوێنەکانی ڕکێبەری یان وانەکانی زانکۆ کراوەن. کەسێکی خانم باسی ناڕەزایی خۆی لە دەستدانی مافەکانی دەکات، لەکاتی کە لە ناو ماڵەوە ماوە و بەتەنیا لە پەنجەرەوە دەتوانێت دەرەوە ببێنێت. قافی گوڵە مردەوکانی لە ناو پەنجەرەکە دا وەستاوە.

لە دەستی ڕاستەوە، ئافرەتێك چەند پارە لەدەستی دایە لەکاتێك سەیری شوفێری پاسەکە دەکات و پاسەکە بەبێ ئەو دەچێت. ئافرەتەکە وەسفی ئەوە دەکات کە جێگای شەرمەزاریە کە ئەو کارتی بانقی نیە بۆ ئەوەی بتوانێت پلێتی پاس بکرێت. ئەگەر پاسەکان وهەروەها فرۆشگاکان قەبۆڵ نەکەن پارە وەرگرن، ژیانەکە زوور قورستر دەبێت بۆ خەڵکی پەنابەر و بۆ خەڵکی دیکەش کە هیچ حیسابی بانقیان نیە.

تابۆلی دێواریەکە سێ قەفەسی پێویە لە ئاسمانەوە:

1. بەکارێنەری کۆرسی کەم ئەندامەکان کە لە ناو زانیاریەکانی نا ڕۆنە لە دەزگاکانی کارۆباری کۆمەڵایەتی و میدیا وە.
2. خانمە کەڕ و لالەکە دەستی بەرزکردوە ئیشارەت بە 'لە کوێ یە؟' دەدات. لە پێش ئەو دەستێکی بێ ووشە هەیە، ' وەرگێڕی زمان لە کوێ یە؟'
3. قەفەسی کۆتایی باڵندەیێکی مردوو تێدایە، وەکو خەڵکی ناو ئەشکەوتەکان ئێش دەکەن کە ئالۆدەی گازی ژێر زەمینەکە بون. ئەم تابلۆوە دێوارە ئاگاداری ئەوە دەکات کە پێویستە کردارەکان دەستپێ بکرێن بۆ ئەوەی ژیانەکان بپارێزرێن.

لە پشت کۆڵکەزێڕینەی ڕەنگی خۆڵەمێشی، نەخشەیێکی کامیل ئەحمەد هەیە، کامیل ئەحمەد پەنابەرێکی کەم ئەندامبو لە ساڵی
2016 لە شاری بڕیستۆڵ کوژرابو. کامیل ئەحمەد بەشداری وێنە کەی کردبوو کە لە تابلۆی دێواری ساڵی 2012 بەشداری
کردبوو. بەبۆنەوی کامیل ئەحمەد ئێمە داوای هاوبەشی دەکەین.

تکایە ئێستا تەماشەی پەیامەکانی بەشی دیکەی تابلۆکە بکەن. هیچ چارە نیە لە ئەستەمە نەجات بن. چون دەتوانێن کۆڵکەزێڕینەی
ڕەنگاوڕەنگ فراوان بکەین؟

Quartet Community Foundation
EASTSIDE COMMUNITY TRUST
UNIVERSITY OF BATH
University of BRISTOL
ESRC FESTIVAL OF SOCIAL SCIENCE
UKRI Economic and Social Research Council
BRIL